


ژمارە: ٦٢٢ ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢ ١٧ی دێسامبری ٢٠١٣

# پێشمەرگە، ئەو چەمکەی پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە



قادر وریا

چەمکەکانی نێو ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانەو خەباتگێڕانەی نەتەوەکەشمان وەک زۆر چەمکی سیاسیو کۆمەلایەتی، بە تێپەڕینی زەمان و ڕوودانی گۆڕانی جۆراوجۆر، ئالوگۆڕیان بە سەردا دێت. بە تێپەڕینی زەمان، بیرکردنەوەو ڕوانینی مرۆڤەکان لە بواری جۆراوجۆردا دەگۆڕێ. هەر بۆیە پێویستە زۆر چەمک، لە گەڵ گۆرانی سەردەمەکانو نوێبوونەوەی بیرکردنەوەکان، سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. «پێشمەرگە»، یەک لەو چەمکانەیە.

بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، پێشمەرگە، ناوێک بوو بۆ ئەو مرۆڤە خەباتکارە چەک لە شانانەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دا، شەڕکەری شۆڕش بوون. دیارە ئەو پێناسە فرەوانتریش ببۆوە و بە شێوەیەکی گشتی هەر کەس لە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دا، چەکی پێ بوایە، با کارەکەشی شەڕکردن و چوون بۆ بەرەکانی شەڕ نەبایە، مادام بە شێوەیەکی تەواو وەخت لە خزمەتی دابینکردن و ڕاپەراندنی پێویستییەکان و کاروبارەکانی خەباتێکی چەکدارانە و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە دا بوایە ، وەک پێشمەرگە ناوی دەبرا. بەم جۆرە، پێشمەرگە، واتایەکی تایبەتی و واتایەکی گشتیی هەبوو. بەڵام ئەو واتا گشتییە هەرگیز ئەوەندە فرەوان نەبۆوە کە ئەو کەسانە بگرێتەوە کە چەکیان پێ نییە و لەدەرەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشداری بزووتنەوە، بۆ ئازادی و مافەکانی نەتەوەکەیان و خەڵکی کوردستان، بە شیوەی دلخوازی خۆیان خەبات دەکەن و ژیان و گیانی خۆیان لەم پیوەندییە دا دەخەنە مەترسییەوە. تەنیا جاروبار و بە تەعاروف، ڕێبەران و ڕاگەیەنەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردستان، هێندێ کەسیان لە دەرەوەی ئەو پیناسانەی سەرەوە، وەک پێشمەرگە ناو دەبرد.

بەڵام کاتی ئەوە هاتوە بۆ پێناسەیەکی بەرینتر لە پێناسەی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی و وەزیفی بۆ پێشمەرگە، بگەڕێین. پێناسەیەک کە لە گەڵ یەکەم واتا و واتای یەکەمینی پێشمەرگە بێتەوە. وەک دەزانین پێشمەرگە بە واتای مرۆڤی خۆبەختکەرە، بە تایبەتی خۆبەختکردنێک کە لە ڕیگای گەل و نەتەوە و نیشتمان بێت. ئەگەر ئەم واتایەمان قبووڵ بێت، ئەو کات بە لامانەوە گرنگ نابی کە مرۆڤە خۆبەختکەرەکە لە چیا دەژی یا لە نێو شار؟ قەڵەمی پێیە یا چەک؟ تێکۆشەری سەر بە حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی نیشتمانپەروەرە، یا چالاکێکی مەدەنیی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و پاریزەری ژینگە؟ کەسێک کە سەبارەت بە داواکردنی ماف و ئازادییەکانی هاونیشتمانانی بە شیوەیەکی ئاشتیخوازانە، لە ولاتەکەی خۆی ڕاونراوە یا کەوتۆتە بەندیخانە، چ جیاوازییەکی هەیە لە گەڵ کەسێک کە سەبارەت بە هاوکاری لە گەڵ ئەم یا ئەو حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خەباتکار، تووشی بەندیخانە و دەربەدەری بووە؟ ئەگەر پێوەرەکانی خۆبەختکردن، مایەدانانی ئاگایانە لە ماڵ و ژیان و گیان لە پێناوی خەلک ونیشتمان و بەرژەوەندی گشتی دا بێ، ئایا جۆری ئەو ئامرازانەی خەباتیان پی دەکەین، ئەو شێوە خەباتانەی بە کاریان دێنین، جۆگرافیایەک کە دەیکەین بە شوێنی تێکۆشانمان، جیاوازی و جۆراوجۆریی ئەو بوارانەی دڵسۆزیی خۆمان بۆ نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمانی تێدا دەسەلمێنین،چ شتێک لە ئەسلی مەسەلەکە دەگۆڕن؟ با یەکمان لە نێو زەبر و زەنگی دەسەڵاتی دوژمنی بە خاک و زمان و کولتوور و مێژوومان، خەریکی پاراستنی ئەم توخمانەی پیناسەی نەتەوەییمان بێت، یەکێکیش لە چیا و بن بەردان بەرەنگاری هێرشی سوپایی داگیرکەران بۆ سەر نیشتمانەکەمان بێتەوە و ئەویتر لە کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە دیپلۆماسی و مرۆڤدۆستەکانی جیهان، هاواری زۆرلێکراویی نەتەوەکەمان بەرز بکاتەوە. کەسانێکیش بە نیازی وڵامدانەوە بە پێویستییەکانی داهاتوو وشارەزایی بەدەستهێنان بۆ دانانی بناغەکانی کوردستانی ڕزگاربووی سبەینێ، فیری زانست و خۆپێگەیاندن بن. ئایا لەم ڕوانینەوە، هەموویان شیاو و موستەحەقی ناوی خۆشەویست و پڕشانازیی پێشمەرگە نین؟

# پێشمەرگە دوێنێو ئەمڕۆ

ئەوە کە نەیارانی نەتەوەی کورد لە کۆنەوە کوردیان بە نەتەوەیەکی ئاشقەچەکو تەنانەت ئاشقەشەڕ ناو بردوە فڕی بەسەر ڕاستی‌یەوە نەبووەو نیە. بەپێچەوانە، کورد هەمیشە میللەتێکی لاشەڕو ئاشتی‌خواز بووە. بەڵام هەرلەوکاتەدا ئەم میللەتە ئاشقو سەوداسەری ئازادی بووە. لەبەر ئەوەش کە زەوتکەرانی مافو ئازادی‌یەکانی گەلی کورد وەڵامی هەر داوایەکی مافخوازانەی ئەم گەلەیان بە ئاگرو ئاسن داوەتەوە، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد ناچار بوون هەوڵ بدەن چەک بەدەست بێننو هەرکات پێویست بێ وەڵامی دوژمن بە زمانی خۆی بدەنەوەو چەکدارانە دیفاع لە خۆیان بکەن.

تێکۆشەری چەکداری کورد لە سەردەمە جیاجیاکانی بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی نەتەوەیی‌دا ناوی جۆراوجۆری لەسەر دانراوە. جارێک بە «شەڕکەر»، وەختێک بە «لەشکری»و سەردەمانێک بە «تفەنگچی»و هتد ناو براوە. هەتا لە سەردەمە زێڕینەکەی کۆماری کوردستان‌دا ناوی جوانو پڕشانازی‌و هەستبزوێنی «پێشمەرگە«ی لەسەر دانرا. دەزانین کە ئەو هێزە چەکدارە کوردەش کە لە کۆماری کوردستان‌دا ناوی «پێشمەرگە«ی لەسەر دانرا، پێشتر بە سوپای میللی ناو دەبرا.

ئەگەرچی ڕۆڵەی بەبیروباوەڕی کورد لە هەموو دەورو زەمانێکدا ئازایەتی‌و قارەمانەتیی لەخۆی نیشان داوە، بەڵام زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین دانانی ناوی «پێشمەرگە« لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد بۆخۆی هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ فیداکاری‌نواندن. ئاخر ناوی پێشمەرگە بەرزترین مانای لەخۆبووردوویی دەبەخشێ. پێشمەرگە یانی ئەوکەسەی مەرگی خۆی ڕەپێش مەرگی هاوخوێنەکانی دەخا. هەر بۆیە دەبینین هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەردەمی کورتی کۆماردا چەندین حەماسەی وەک شەڕی مەحمەشەو شەڕی جاتراوێ‌و شەڕی مەکلاوێ‌و...ی تۆمار کردوەو ناوی پڕشانازیی وەک خۆشەوی خەلیلو کوێخا مەحموودی قووڵەسوێرەوێ‌و حەمە سیاوەمەیی‌و زۆری دیکەی بۆ بەجێ هێشتووین.

دەورانی دیسان کورتی ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧یش مەیدانێکی بەرین بوو بۆ ئازایەتی‌نواندنو حەماسەخوڵقاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. هەرئەوانەی لەو سەردەمە پڕشانازی‌یەدا ژیاونو لە نیزیکەوە ئاگایان لە بەرەنگاریی نابەرامبەر، بەڵام قارەمانانەی پێشمەرگەکانی دێموکڕات دەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بووە دەزانن چەکدارە پۆشتەو پەرداخەکانی ئەرتەش‌و ژاندارمری چۆنیان نەترە لەو ژمارە کەمو کەمئیمکاناتە، بەڵام بەهەڵمەتو دەستوبردەی پێشمەرگەکانی کومیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چووبوو. ئەو سەردەمە زێڕینەش ناوی دەیان قارەمانی وەک مەلا مەحموودی زەنگەنە، نەحۆ پاشایی ناسراو بە باپیر شکاک، مینەشەم، سەید فەتاح، ساڵح لاجانی، سمایلی شەریف‌زادە، مەلا ئاوارە، سلێمان موعینی، عەبدوللا موعینی‌و مەحەممەدی ڕەسووەمەرەو موحەممەدی ئەستی‌یە مەنگوڕی بۆ بەجێ هێشتووین کە هەتاهەتایە وەک میداڵی زێڕین بە بەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە دەدرەوشێنەوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێ ئاوڕ لە ئازایەتی‌و گیانفیدایی‌و حەماسەخوڵقێنی‌یەکانی هێزی پێشمەرگە لە دوای شۆڕشی دژی‌پاشایەتیی گەلانی ئێرانو پەلاماری لەشکریانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بدەینەوە، زمان لە بەیانو قەڵەم لە نووسینی یەک لە هەزاریشی دادەمێنن. لەو دەورانەدا کوردستان یەکپارچە حەماسەو خوێنە، هەر بستێک لە نیشتمانە زۆرلێکراوو پەلاماردراوەکەمان شاهیدی چەندو چەندین دیمەن لە دڕندەیی‌و جینایەتی لەشکریانی تاریکی و نەزانی لەلایەکو گیانبازی‌و بەرەنگاریی حەماسەیی ڕۆڵە پێشمەرگە بەجەرگەکانی کورد لە لایەکی دیکەیە. بۆ تێگەیشتن لە زۆرو زەوەندیی حەماسەخوڵقێنی‌یەکانی هێزی پێشمەرگە ئەوەندە بەسە وەبیر بێنینەوە کاتێک لە ساڵی١٣٦٣دا، واتە تەنیا پێنج ساڵ پاش هەڵگیرسانی شەڕی کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد، کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ویستی ڕۆژێک وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری بکا، هەرچەندی سەری خۆی هێناو برد نەی‌توانی لەنێو ئەو هەموو ڕۆژە پڕحەماسەیەی ئەم دەورەیەدا ڕۆژێک دەستنیشان بکا. هەر بۆیە بە دروستی زانی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤دا بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکا کە جێگای پەسندو شانازیی هەمووان بوو.

ئەگەر بمانەوێ بۆ ئەم دەورەیە نموونەیەک لە شەهیدەکانی پێشمەرگە ناو بەرین، جگە لەوەی تووشی هەڵبژادنێکی زۆر ئەستەم دەبین، دەبێ لیستێکی نەک دەیان کەسی بەڵکوو سەدان کەسی ڕیز بکەین. کەوایە هەر ئەوەندە دەڵێین کە تەنیا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم قۆناخەدا نیزیکەی بیستکەس لە ئەندامانی ڕێبەری، پتر لەچوارسەد کەس لە فەرماندەرانو کادرەکانی ڕیزی پێشەوەو زیاتر لە چوار هەزار پێشمەرگەی لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەی‌دا کردۆتە قوربانی. ئەمە جگە لە هەزاران شەهیدی هێزی بەرگریی میللی کە هەموویان پێشمەرگەی خۆبەخش بوون.

ئەوەی تائێرە باسمان کرد تەنیا هی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لەوێش تەنیا هی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. جا بزانە حەماسەی پێشمەرگەو ژمارەی شەهیدی پێشمەرگە لەڕادەی سەرانسەریی کوردستان‌دا سەر لەچ ڕەقەمێکی خەیاڵی دەدا؟

ئەگەر باسی ئەمڕۆی پێشمەرگە بکەین دەبینین کە هەم ئەرکی پێشمەرگە، هەم مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەو هەم تەنانەت پێناسەی پێشمەرگە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە. ئێستا ئیدی دروست نیە پێناسەی پێشمەرگە هەر لە تێکۆشەری چەکداری کورددا بەرتەسک بکەینەوە. ٣١ ساڵ پێش ئێستا ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکڕات لە وتارێکی خۆی‌دا بەناوی «با هەموومان پێشمەرگە بین» پێناسەی پێشمەرگەی بەربەرینتر کردەوە. لەو وتارەدا ئەو جووتیارەی جەرگی زەوی هەڵدەدەڕێ بۆ ئەوەی نانی خۆی‌و پێشمەرگەی لێ بەدەست بێنێ، ئەو کەسەی نانو‌ئاوو کەرەسەی جۆراوجۆر بۆ پێشمەرگە دابین دەکا، ئەوەی پێشمەرگە لە نەخشەو پیلانەکانی دوژمن ئاگادار دەکاتەوەو بەکورتی هەموو ئەوانەی نەخشێکیان لە بەرەوپێشچوونی ژیانو خەباتی ڕزگاری‌خوازانەی کۆمەڵی کوردەواری‌دا هەیە، بە پێشمەرگە دانرابوونو چدانانێکی بەجێش.

**ئەگەر باسی ئەمڕۆی پێشمەرگە بکەین دەبینین کە هەم ئەرکی پێشمەرگە، هەم مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەو هەم تەنانەت پێناسەی پێشمەرگە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە. ئێستا ئیدی دروست نیە پێناسەی پێشمەرگە هەر لە تێکۆشەری چەکداری کورددا بەرتەسک بکەینەوە**

بۆ ئەمڕۆ مەسەلەکە زۆر لەوەش بەولاوەترە. چۆن دەکرێ ئەوانەی لە زیندانەکان‌دا بەگژ جەللادانی کۆنەپەرستی‌دا دەچنەوە، ئەوانەی هەموو مەترسی‌یەک لە خۆدەگرنو بە گوتنو بەنووسین بانگی ئازادیی میللەتەکەیان هەڵدەدەن، ئەو کەسانەی بەبیرو قەڵەم نەخشەڕێگای ئازادی دەکێشنەوە، ئەوانەی «بەسەری بەرزەوە دەچنە سەر دار»و بەکورتی هەر کەس بە هەر ڕێگایەکدا بەردێک دەخاتە سەر دیواری بەکەللەسەرهەڵچنراوو بەخوێن‌سواغ‌دراوی بزووتنەوەی ماف‌خوازانەی نەتەوەی کورد، بە پێشمەرگە نەناسرێن. بەوپێیە مەیدانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە ئێستا هەموو بووارەکانی تێکۆشانی فکری، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و هەموو شێوەیەکی بەرەنگاری دەگرێتەوەو هەربۆیەش جارێکی دیکە دەڵێینەوە «با هەموومان پێشمەرگە بین»و بەکردەوەش هەمووومان پێشمەرگەین.

پێشمەرگە نەک بە چەکی شانی، بەڵکوو بە تێکۆشانی لەخۆبردووانە لە پێناوی ڕزگاریی گەلەکەی دا، دەناسرێتەوە

خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، قەرزداری قارەمانەتی و فیداکاریی ڕۆڵە پێشمەرگەکانییەتی

تایبەتنامەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

26 سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

# لە بارەی پێشمەرگەوە



له «مهاباد» جێگەی له دایکبوون‌و پەرەگرتنی «کۆمەڵەی ژ _ک _ ف» و پاشان حیزبی دێموکرات، پادگانی ئەرتەش لە ساڵی ١٣٢٠ەوە هەڵگیرابوو، بەڵام لەنێو شاردا «شارەبانی» وەک نیشانەی دەسەڵاتی زۆردارانەی حکوومەتی پەهلەوی هەر مابوو، بەتایبەتی که شارەبانی لە زەمانی ڕەزا شادا زوڵم‌و زۆرو فشارو زەختی دیکتاتۆریی پەهلەوی جێگەی بێزاری هەموو خەڵک بوو. هەر بۆیە خەڵکی شاری مهاباد، بڕیاریان دا ئەو بنکەی فەسادەش هەڵبگرن‌و لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ دا هێرشیان بردە سەر. ئەفرادی شارەبانی تەقەیان کردو کەسێکیشیان شەهید کرد، بەڵام لە بەرامبەر شەپۆلی بەهێزی خەڵکدا زۆریان خۆ بۆ ڕانەگیراو شارەبانی بە تەواوی کەوتە دەست خەڵک... بەڵام ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز تەنیا بە گرتنی شارەبانی کۆتایی پێ‌نەهات. بەڵکوو پاش ئەم کارە، هەر ئەو ڕۆژە خەڵک سازمان دراو «سوپای میللی کوردستان» بەو چەکانەی بە دەست خەڵکەوە بوون یان لە شارەبانی وەدەست کەوتن پێک هات کە ناوەکەی پاش ڕاگەیاندنی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا بە «هێزی پێشمەرگەی کوردستان» گۆڕا. وشەی جوان پڕ بە پێستی «پێشمەرگە» و «پێشمەرگایەتی» زۆر زوو سنووری بڕی‌و نەک هەر لە کوردستانی ئێران بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان‌دا جێگەی خۆی کردەوە.

**ژمارە ١٠١ی «کوردستان» وتاری «٢٦ی سەرماوەز چ ڕۆژێکە؟» لە نووسینی دوکتور قاسملوو**



### وتەکانی کاک دوکتور سادق شەرەفکەندی، لە ژمارە ١٦٨ی «کوردستان»:

هیزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا سەلماندوویەتی لە بەڕێوەبردنی ئەرکە شۆرشگێرانەکانی‌دا چەندە سادقەو تا چ ڕادەیەک لە پێناو وەدی‌هاتنی ئامانجەکانی گەل‌دا فیداکارو گیان لەسەر دەستە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان نیشانی داوە کە ئەگەر ڕێژیمی دژی گەلی‌و ماف‌پێشێل کەری ئاخوندی ئامادە نییە وڵامی داوای ئازادی خەڵکی کوردستان بداتەوەو ئامانجی گەمارۆی ئەم ناوچەیەو قەڵاچۆی گەورەو چووکی گەلی کوردە، لێرە لە کوردستانیش هێزێک هەیە کە بۆ دیفاع لە گەل چەکی لە شان کردوەو دەتوانێ قارەمانانە پێشی هێرش‌و پەلامارەکانی ڕێژیم بگرێ و بەو زمانە لەگەڵی بدوێ کە تێی دەگا.

## وتەکانی دوکتور قاسملوو سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە خەباتو پێشمەرگایەتی‌دا:

... بە ڕاستی بەشداریی تا ئێستای ژنان لە شۆڕشی کوردستان‌دا جێگەی شانازییە، بەڵام ئێمە نابێ بەوەندە ڕازی بین. زۆر جار گوتومانەو ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە، هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستان‌دا زیاترو چالاکتر بەشدار بن ئەوەندە بزووتنەوە سەرکەوتووترە. جێگەی خۆشحاڵییە کە کچانی کوردستان ئێستا زیاتر لە جاران دێن بۆ نێو خەباتی چەکدارانە. هیوام ئەوەیە کە زۆر باش وەریان‌بگرین‌و هەموو هەل‌و مەرجێک بۆ ژیان‌و پەروەردەکردنیان پێک بێنین‌و لەگەڵ ئەم خۆشکانە کە بە ئاوات‌و هیوایەکی زۆرەوە هاتوون بۆ نێو شۆڕش بە شێوەیەک بجووڵێینەوە کە هەست بکەن بە تەواوی مافی وەک یەکیان لەگەڵ کوڕان هەیە. هەر چەشنە بۆچوونێکی کۆنەپەرستانە یان دژایەتیی لەگەڵ بەشداریی ژنان لە هەموو لایەنەکانی خەباتی ئێستامان‌دا مەحکوومەو نابێ ڕێگە بدرێ وەزعێکی ئەوتۆ بێتە پێش کە خوشکەکانمان لە هاتن بۆ نێو جەرگی خەبات پەشیمان ببنەوە.



## «تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە هەر سەنگەرێکدا بن پێشمەرگەن»



**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:**

**سڵاو لە پێشمەرگەو ڕۆژی پێشمەرگە!**

جارێکی دیکە جێژنە پیرۆزەکەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانمان لێ نوێ بۆوە. ناکرێ ئاشقی پێشمەرگەو ڕێبازی پێشمەرگە بی‌و لەوڕۆژەدا هیچ نەڵێی. بۆیە وەک کوردێک ئەم چەند دێڕە دەکەمە ئاوڕشێنی ڕێبازی پڕشانازیی پێشمەرگەکانی کوردستان، هەموو کوردستان.

باوەڕم وایە ئەمڕۆ وشەی «پێشمەرگە» مانایەکی جیاواز لە جارانی پەیداکردوەو مەودایەکی بەربەرینتری داگرتوە. تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە هەر سەنگەرێکدا بن پێشمەرگەن. بەڵام بەوحاڵەش ناوی پێشمەرگە پێش هەمووان ئەو کیژو کوڕە خاکی‌پۆش‌و ڕوح‌سووکانەم وەبیر دێنێتەوە کە چەکلەشان لووتکەی چیاکانیان دەگرت، لەڕێی ئازادی‌دا گاڵتەیان بە مردن دەکردو هەرکات هەڵمەتیان دەبرد تاڵاوی مەرگیان بە گەرووی دوژمنانی ئازادی‌دا دەکرد.

هەرچەند ئێستا ئەو شێوە خەباتە نەختێک کەمڕەنگ بۆتەوە، بەڵام بەش‌بەحاڵی خۆم هەر چاوم بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان بە هەوڵ‌وهیممەتی پێشمەرگە وەدەست دێن‌و بەدەستی ئەمینی پێشمەرگەش دەپارێزرێن. بۆیە بەیادی ڕۆژانی حەماسەو خوێن بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە جارێکی دیکە دەڵێم: «بۆ هەر پێشمەرگەیەک هەزاران سڵاو، بۆ هەر پێشمەرگەیەک هەزاران ئافەرین‌و بۆ هەر پێشمەرگەیەک هەزاران چەپکە گوڵی خۆشەویستی. ٢٦ی سەرماوەز لە پێشمەرگەو نەتەوەی پێشمەرگەپەروەری کورد پیرۆز بێ.

**عبدالله حسن‌زاده**
**سەرماوەزی ١٣٩٢**





## « نابێ بهێڵین ناوی جوانی پێشمەرگە قەت لەکەدار بێ»



**نەمر کاک عەبدوڵڵا شەریفی لە جێژنی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٩ی هەتاوی‌دا:**

حیزبە خۆشەویستەکەمان بۆ ڕێزگرتن لە فیداکاری‌و گیانبازی ڕۆڵە لەخۆبردووەکان کە چەک لە شان‌و گیان لەسەر دەستان پارێزگاری لە شەرەف‌و کەرامەتی گەلەکەیان دەکەن ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی بیرەوەریی دامەزراندنی سوپای میلليی کوردستان لە مهاباد لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بە ڕۆژی پێشمەرگە داناوە. وشەی پێشمەرگە لەو کاتەوە کەوتە سەر زمانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان‌و لەو ڕۆژەوە خەڵکی کوردستان بە ڕێزو حورمەنێکی تایبەتییەوە دەڕواننە پێشمەرگەو بە هێزێکی ڕزگاریدەرو وەدیهێنەری ئاوات‌و ئامانجەکانی خۆی دەزانێ. هاوڕێیان‌و هاوسەنگەران! ئێستا کە ٧مین ساڵڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز جێژن دەگرین دنیا ئاڵۆگۆڕی زۆری بەسەردا هاتوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شێواوەو وەزعێکی زۆر ناروونی هەیە، ئەم وەزعە کەم‌و زۆر کاریگەریی لەسەر ئێمەش داناوە، دوژمنەکەمان دەیهەوێ کەڵک لەو هەلە وەربگرێ‌و ئەگەر بۆی بکرێ لە نێومان بەرێ، بۆیە دەبێ بە وریایی‌و وشیاری بەدوای ڕووداوەکان‌دا بڕۆین بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاودا بتوانین بڕیاری پێویست بدەین. قۆناغی تازەی خەبات کە لەگەڵ هەل‌و مەرجی گونجاو دیاری بکەین‌و دەبێ لە هێزو ئێنێرژی‌و ئیمکاناتی زیاتر بۆ کاری سیاسی، تەشکیلاتی‌و تەبلیغاتی تەرخان بکەین‌و خەباتی چەکداری بە شێوەی مومکێن درێژە پێ‌بدەین.

ئێستا وشەی پێشمەرگە وێنەی سەربازی خۆ بەختکەری ڕێگەی ڕزگاریی گەل بۆ هەموو خەڵکی کوردستان‌و ئێران‌و دنیا ناسراوە. پێشمەرگە بە مانای ئەو کەسەیە کە مەرگی خۆی وەپێش دەخا بۆ ئەوەی گەلەکەی بە زیندوویی بمێنێ، ئەو مرۆڤەیە کە گیان دەدا تا دڵی میللەتەکەی لە لێدان نەکەوێ. ئەو ڕۆڵە جەنگاوەرانەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان ناوی پڕ ئیفتخاری پێشمەرگەیان بۆ دانراوە... پێشمەرگە بە ڕۆڵەی ڕووناکبیرو تێگەیشتوو، ئازاو شۆڕشگێری گەلی کورد دەگوترێ‌و گەل شانازیی پێوەدەکا، بۆیە دەبێ تێبکۆشین ئەو ڕێزو حورمەتە بپارێزین‌و نەهێڵین ئەو ناوە جوان‌و بێگەردە قەت لەکەدار بێ، پێشمەرگایەتی تەنیا چەک هەڵگرتن‌و شەڕکردن‌و بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمن نیە، بە مانای دەستهەڵگرتن لە ژیانی خۆت، خۆ قوربانی کردن بۆ گەل، بۆ گەل ژیان‌و بۆ گەل مردنە. پێشمەرگەی باش سەرەڕای ئەوەی ئازایە، بە جەرگە، بە نەزم‌و دسیپلینە، بە زانیارییەوە چەکی هەڵگرتوە هەرگیز لە ڕێگەی حیزب‌و گەل لا ناداو قازانج‌و بەرژەوەندی حیزب‌و گەل لە سەرەوەی هەموو شتێک دادەنێ.

## پێشمەرگە بە تێگەیشتنەوە بۆ ئامانجێکی بەرزی ئینسانی تێ‌دەکۆشێ‌و گیان بەخت دەکا

پێشمەرگە تەنیا لە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی چەکدارانەدا هونەری خۆی وەک تێکۆشەرێکی واقیعی نیشان نادا، هونەری ئەساسیی پێشمەرگە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە بە تێگەیشتنەوەو بۆ ئامانجێکی بەرزی ئینسانی تێدەکۆشێ‌و گیان بەخت دەکا. پێشمەرگە بۆ ئەوە خۆی بە کوشت نادا کە شەهید بێ، بەڵکوو شەهیدبوون قبووڵ دەکا بۆ ئەوەی ئامانجە سیاسییەکانی خۆی‌و گەلەکەی وەدی بێن... ئێمە دڵنیاین خەباتی پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستان هەتا سەرکەوتنی یەکجاری‌و وەدەست هێنانی دێموکراسی‌و خودموختاری، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەگرێ‌و ڕۆڵەی قارەمانی کورد لە هەر قۆناغێکی خەبات‌و تێکۆشانی خۆی‌دا تاکتیکی لەبار بۆ بەرەنگار بوونەوەی نەخشەو پیلانەکانی دوژمن دەدۆزێتەوەو بەکاری دێنێ.

**بەشێک لە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لە ژمارە ١٠١ی ڕۆژنامەی کوردستان**

26 سەرماوەز
ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

تایبەتنامەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

کوردستان ٣
ژمارە: ٦٢٢
٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢
١٧ی دیسامبری ٢٠١٣

# هەموومان پێشمەرگەین و فیداکار



ئەحمەد شێربەگی

هەرکەس بیهەوێ پێناسەیەک لە پێشمەرگە بکات و لە فەلسەفەو جەوهەری پێشمەرگە بزانێ دەبێ لە گەڵ بیرو ئەندێشەی پێشمەرگە هاوسەفەر بێ و سەیری ئەو تابڵۆیە بکات کە پێشمەرگە لە جیهانی خۆی دا دەیکێشیتەوە..هەرکەسە لەسەر پێشمەرگە ڕوانگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. پێشمەرگە لە زەینی زۆر کەسان دا ئەو مرۆڤە چەکدارە خاکی پۆشەیە کە لە بەرەکانی شەردا بەرامبەر بە پەلاماردەرانی کوردستان سەنگەر دەگرێ و هەتا دوا تنۆکی خوێنی شەڕ دەکات و ڕادەوستێ . ئەگەر باسی پێشمەرگە کرا زوو ڕوانگە و بیری دەچێ بۆ لووتکەی شاخ، بۆ تەڕو تووشی، بۆ سەرماو گەرما و بۆ ڕۆژە سەختەکان،پێشمەرگە وەک هەڵۆ ،وەک شێرو پلینگ پێناسە دەکات . ئێمە هەمووما لە پێشمەرگە ئەو سیمایە دەکێشینەوە و ئەو تاریفە لە پێشمەرگە دەکەین. ئەوە ڕاستە کە هیچ هێزێک و هیچ عونسرێک شک نابردرێ جگە لە پێشمەرگە خۆی بکاتە بەڵگێڕەوەی خاک و نیشتمان و خەڵکەکەی. ئەوە ڕاستە کە هەر پێشمەرگەیە توانیوێتی لووتکەی بەرزی فیداکاری، خۆبەخشین و خۆنەویستی ببەزێنێ. هەر پێشمەرگەیە توانای ئەوەی هەبووە بەبێ هیچ دوودڵی ودڵەراوکەیەک تا ئەوپەری لێوارەکانی مەرگ بروات . هەر پێشمەرگەش بووە لە سەردەمە سەخت و حەستەمەکاندا دە هانای خاک و نیشتمانەکەی هاتوە، سینگی کردۆتە قەڵغان، بە خۆێنو بە گیانی، شەرەف و ناسنامەی گەلەکەی پاراستوە، بەڵام بەراستی پێشمەرگە بوون هەر بەو کەسانە دەکوترێ کە چەکیان پێ یەو بەرگری لە خەڵکو لەخاکی کوردستان دەکەن؟ ئایا پێشمەرگە تەنیا لە شەرو لە بەرەکانی بەرگری دا مانا دەکرێتەوە؟ ئەوەی دەزانین کە پێشمەرگە ڕاسانێکی هەق بوو، زادەی هاواری گەلێک بوو کە بە توندترین شێوە دەچەوسایەوە، حاسڵی ئەو ناعەدالەتی و زوڵم و زۆرییانە بوو کە داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر بەم گەلە ڕەچاویان کردبوو، بۆیەش پێشمەرگە هاتە گۆڕەپانی خەباتی بەرگری یەوە. ئەگەر کورد مافەکانی دەستبەر بووبایەن و وەکوو هەموو میللەتانی جیهان سەربەست ژیابا چ پێویستی بە پێشمەرگە هەبوو کە شەڕی ڕزگاری بۆ بکات؟ بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە لە ژێر هەیبەت و سێبەری پێشمەرگەدا گەلێک پێشمەرگەی دیکەی نادیار هەن کە بەرواڵەت چەکیان پێ نەبووە و لە شەردا بەرامبەر بە هێزی داگیرکەر شەری دەستەویەخەیان نەکردوە بەلام دیار نین و نەناسراون و وەک سەربازیکی ونیان لێهاتوە، کەسانێک کە بە ڕادەی فیداکاری پێشمەرگە خەمیان لە نیشتمان و لە ئازادی و ڕزگاری خواردوە و لە زۆر بواری دیکە دا لە خزمەت بەرژەوەندی و قازانجەکانی ئەو گەلەدا فیداکاریان نواندوە.. بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشتێک بن خەباتیان کردوە و لەم ڕێگایەش دا تووشی گەلێک ئازارو مەینەت و نەهامەتی هاتوون.

بە بڕوای من، ئەوەی لە هەر بوارێک دا خزمەتی بە بەرەو پێشبردنی ڕەوتی جووڵانەوەی کورد کردوە و درووپەکی لە قالبی ئەو گەلە دەرهێناوە پێشمەرگەیە. هەرکەسێک بەگوێرەی توانای خۆی و بە ڕادەی هەستەکانی لە سەنگەری بەرگری‌دا ڕۆڵی خۆی گێڕاوەو شەرمەزاری ویژدانی خۆی نەبێ پێشمەرگەیە . زۆرن ئەو دایک و ئەو ژنە بێدەرەتانانەی کە بە نەداری و بە هێزی شان وباهۆی خۆیان کۆڵێک منداڵی بێ نازی شەهیدیان پێگەیاندوە و نەیانهێشتوە چاو لەدەست و برسی بن بۆچی نابێ ناسناوی پێشمەرگە لەسەر ئەو ژنە ڕووسوورانە دابنرێ؟ . زۆرن ئەو مرۆڤە بە هەست وشەریفانەی، پێشمەرگەیان داڵدە داوە، وەک بیلبیلەی چاوەکانیان پارێزگاریان لێکردوون و خزمەتی بزووتنەوەیان کردوەو گیانی خۆیان خستۆتە مەترسی‌یەوە. کەم نین ئەو کەسانەی لە سەر یارمەتی‌و پەنادانی پێشمەرگە تووشی ئازارو ئەشکەنجەو تەنانەت مردن هاتوون، زۆرن ئەو قەڵەمانەی، ئەو بیروباوەڕانەی لە ڕاستی لایان نەداو لە سەر دۆزی ڕەوای کورد گیران، ئەشکەنجە دران و پەتی سێدارەیان لە مل کراو شەهید بوون . پێشمەرگە ئەو مامۆستا کوردە دەگرێتەوە کە گەرای یەکەم ئەلفو بێی کوردی لە مێشکی منداڵی کوردو نەوەی دوارۆژی ئەم گەلە دا چاندو پەروەردە کردو وانەی کوردستان خۆشەویستیان فێر کرد . پێشمەرگە ئەو ئەو دایک و ئەو خوشکە پر هەست ودڵسۆزانە بوون کەلە ڕۆژە سەختەکان دا دەستو پەنجەیان دەخستە گەڕ و دەرزەن دەرزەن گۆرەوەی وکڵاویان بۆ پێشمەرگە دەچنی. پێشمەرگە ئەو کچە بە هەستە پێشمەرگە خۆشەویستانەن کە گیانیان دەخستە مەترسییەوە و زانیاریان دەگەیاندە پێشمەرگە، برینی پێشمەرگەیان تیماردەکرد، دیسان ئەو شێرە ژنە چاو نەترسانەن کە لە دژی داب و نەریتە ناحەزەکانی کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستان ڕاپەڕین و بوونە ڕچە شکێنو لەم ڕێگایەدا هەموو سووکایەتییەکیان قەبووڵ کرد بەڵام لە بیرو هزرو هەڵوێستی بوێرانەی خۆیان لایان نەدا. پێشمەرگە بوون ئەو جوتیارە زەحمەتکێشانەش دەگرێتەوە کە سەرەرای هەڕەشەو گورەشەکانی دوژمن لە لایەک دەبوونە هێزی بەرگری‌و شان بە شانی پێشمەرگە شەڕی داگیرکەرانیان دەکردو لە لایەکەی دیکەش ئەوەی لە ڕەنجی شانو باهۆیان پەیدایان دەکرد لە گەڵ پێشمەر گە دابەشیان دەکرد… کەوابوو هەرتاکێکی کورد ئەگەر هەستی نیشتمانپەروەری خستە گەڕو بە گوێرەوی توانای هەنگاوێکی بۆ بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی کورد هاویشت پێشمەرگەیە. بۆ هەر کەسێ کە خاکی نیشتمان ببێتە قیبلە و ئایین و بلێسەی ڕزگاریی لە بیری دا بگەشێتەوە و بیخاتە بواری کردارییەوە، ئەو کەسە بە بێ هیچ شک و گومانێک پێشمەرگەیە.

لە کۆتایی دا دەڵێم : پێشمەرگە بازنەو ئەڵقەی خۆشەویستی و نەپچڕانی نێوان هێزی گەڵ و نیشتمانێکی داگیراوە. پێشمەرگە پیرۆزترین ناوە لە دەروونی هەرتاکێکی بە هەستی کورد دا. پێشمەرگە ئەو کانیاوە زوڵاڵ وپڕ ئاوەیە کە لە بەرزترین تەلانی ڕژدی زامەکانی شەهیدەوە سەرچاوە دەگرێ، لە قاقرستانی ویشکارۆی ئەم پێدەشتە بێنازەدا سوورایی زامەکانی دەشواتەوە .

**سڵاو لە پێشمەرگەو لە شانازییەکانی پێشمەرگە...**

# دانانی ڕۆژێکی ساڵ بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان یەکێک لە باشترین‌و بەجێ‌ترین بڕیارەکانی حیزبی دێموکرات بوو



برایم چووکەڵی

پێشمەرگە ڕۆڵەی لەخۆبردوو وفیداکاری نەتەوەکەمان، ناوێک کە لە هەموو پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان‌داو بۆ هەموو کاتەکانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان وەک نیشاندەری ئازایەتی‌و قارەمانەتی‌و فیداکاری چەکداری کورد پەسەند کرا. لە کاتیکدا بیرەوەری ٢٦ی سەرماوەز بیرخەرەوەی عەمەلیاتێکی سەرکەوتوانەو شۆڕشگێرانە بوو، وەبیر هێنەرەوەی ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی بوو.

لەراستی‌دا دانانی ڕۆژێکی ساڵ بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان یەکێک لە باشترین‌و بەجێ‌ترین بڕیارەکانی حیزبی دێموکرات بوو، ئەگەرچی خەڵکی کوردستان هەموو کاتو هەموو ڕۆژێ ڕێز لە فیداکاریی پێشمەرگە دەگرن چونکە پێشمەرگە لە خۆیانە، لە پێناو بەختەوەریی ئەوان‌دا گیانی پێشکەش بە نیشتمان دەکا.

بۆیە دەتوانین بڵێین پێشمەرگە پارێزەری ئەمنییەت، شەرەفو کەرامەتی خەڵکی کوردستان‌و گیانی خۆی بەختی ئامانجەکانی نەتەوەکەی دەکا. کەسێکی پڕ بە مەعنای وشە بە نرخو تێکۆشەرە، کە ئازایانە گیانی لەسەر بەری دەستی داناوە تا لەڕێگای نیشتمان‌دا بیکاتە قوربانی. ڕۆڵەی بەرحەقی نەتەوەی کوردە کە باشترین ساتەکانی ژیانی بۆ کۆمەڵانی خەڵک تەرخان کردوە. تا بەئاوات بگاو بەسەربەرزی بژی تەنانەت لەورێگایەدا چاوی لەهیچ دەسکەوتێکی مادی نیە.

مێژوو نیشانی داوە کە پێشمەرگەکانی دیموکرات دەتوانن شانازی بەخۆیانەوە بکەن هەمیشە جێگای هیواو هۆمێدی خەڵکی کوردستان بوونو شیاوی هەڵگرتنی ناوی پێشمەرگەن.حیزبی دیموکراتیش شانازی بەوە دەکا کە بۆ یەکەمین‌جار ناوی پێشمەرگەی لەسەر ناوی تێکۆشەری چەکداری کورد داناو ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی خوڵقاندو کردوویەتە ڕۆژی پیشمەرگەی کوردستان. لەهەمووی گرینگتر هێزێکی پتەو، بەبیروباوەڕو کۆڵنەدەری پێگەیاندوە کە هیزی سەرەکی بوو بۆ خەبات لەپێناو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لەڕۆژهەلاتی کوردستان.

لەم ڕۆژەدا پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو تێکۆشەرانی کوردستان دەکەم کە بێ راوەستان ئامادەی خزمەتکردن بە نەتەوەکەیانن، بەتایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

# دەسکەوت و پاداشی پێشمەرگە



بێبەش پیرۆتی

لاپەڕە بە خوێن ڕەنگینەکانی خەباتی نەتەوەی کورد پڕە لە قارەمانەتی‌و فیداکاری ڕۆڵەکانی، ئەو ڕۆڵە ئازاو نەبەزانەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان بەملاوە ناوی شیاو و پڕ لە هەیبەتو شەوکەتی پێشمەرگەیان لە سەرداندراوە.

پێشمەرگە، ئەو مرۆڤە بە جەرگە بە ویستی خۆی ڕێگای بەرگری کردن لە کوردستانەکەی‌و خەباتو تێکۆشانی لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافەرەواکانی کوردی هەڵبژاردوە، پڕمەترسی بوونی ڕێگاو تەنانەت لە دەستدانی گیانیشی لە بەر چاو بووە، بەڵام هەر نەپرینگاوەتەوەو سەری بۆ بەردەباز و سینگی بۆ قەڵغان داناوەو «مەتەرێزی شەرەف»ی بەرنەداوە.

پێشمەرگە کە ئامادە بووە سەرو گیانی لە پێناوی نەتەوەکەی‌دا دانێ سامان‌و ماڵی دونیایەشی بەلاوە چڵکی دەست بووەو هیچ کەس‌و هێزێک نەیتوانیوە بیکڕێ، بە نانە ویشکەو کەشکە ڕەقەی نێو کۆڵەپشتەکەیەوە ژیاوەو لە سەربەرزیی‌دا ململانێی لە گەڵ بەرزترین کێوەکانی کوێستانەکانی کوردستانەکەی کردوە.

حەستەمترین کاتەکان و دژوارترین دەرفەتەکان و تاڵترین ڕووداوەکان نەیانتوانیوە خۆیان لە قەرەی ئیمانی پۆڵایینی پێشمەرگە بدەن‌و هەنگاوە بە گوڕەکانی شل بکەن.

پێشمەرگە تەنیا بە هێزی باوەڕو تەیار هەر بە چەند فیشەک بەرانبەر بە لەشکری دوژمن‌و داگیرکەران ڕاوەستاوە، ڕاپەڕیوە و بۆتە گڕ و بەربۆتە پشت و جەستەی کورد فرۆش و کوردکوژان.

پێشمەرگە لە کانیاوی خۆشەویستیی خەڵکی کوردستان تینوویەتی شکاندوەو بە تایبەت بە سۆز و نزای داپیران حەساوەتەوە و لە چاوی پڕهیوای منداڵانی کورد ڕووناکی بۆ بڕینی ڕێگای شەوی هەڵێنجاوە، بۆیە وەفادارە، وەفادار بە ڕێبازەکەی و بە کوردەکەی‌و بە کوردستانەکەی.

پێشمەرگە بە فرمێسکو ئارەقەو خوێنی درەختی هەرمانی کوردی پاراو کردوە و نەیهێشتوە گەڵای هەڵوەرێ و هەمووی ئەو فیداکارییانەشی لە حاڵێکدا کردوە کە چاوەڕوانیی هیچ پاداشێک نەبووە.

بە نرخترین دەسکەوت بۆ پێشمەرگە ڕزگاریی کورد و کوردستانەو گەورەترین پاداشیش خۆشەویستی خەڵکەکەیەتی.

# ناوێک لە سەرووی هەموو ناوەکان



هەیاس کاردۆ

لە «هەڵۆ» یان پرسی جیاوازیی خۆت دەگەڵ پێشمەرگە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ هەڵۆ گوتی: هەردووکمان بەرز دەفڕین چونکە نزماییمان پێ تەحەمول ناکرێ. من شادم کە پێشمەرگە بە من دەشوبهێنن، بەڵام دەبێ بیدرکێنم ئەو زۆر لەمن لەپێشترە. ڕاستە هەردووکمان بەرز دەفڕین و لە نزمایی گیر نابین بەڵام من بۆ مەسڵەحەتی خۆمە کە دوندی چیاکان دەکەمە هێلانە کەچی پێشمەرگە بۆ مەسڵەحەتی گشتی و لەپێناو قازانجی خەڵک دا ئەو کوێرەوەرییە دەبینێ.

چوونە لای «باز» و لێیان پرسی خۆت لەبەرامبەر پێشمەرگەدا چۆن دەبینی؟ باز گوتی کاتێک هەڵمەتی پێشمەرگە دەبینم خۆم لەبەر چاو دەکەوێ. ئاخر من هێرش دەبەمە سەر بوونەوەری لەخۆم بێ هێزتر و ئەوەش شانازیی زۆری پێوە نیە. بەڵام پێشمەرگە هێرش دەکاتە سەر دوژمنێک کە زۆر لەخۆی بە هێزتر و پڕ چەکترە، کەچی لەپێی دەخا و چۆکی پێ دادەدا. خۆزگە منیش توانیبام وەک پێشمەرگە بم.

پرسیان بە «کارمامز» کرد و گوتیان تۆ و پێشمەرگە دایم بە شاخانەوەن و هەڵدەسووڕێن. داخوا هیچ شتێک لێکتان جیا دەکاتەوە؟ کارمامز لە شەرمان سوور هەڵگەڕا و ئارەقەی کرد. پاشان بە شەرمەوە گوتی: هەموو ژیانی من لەچیاکان بە ترس و لەرزەوە تێپەڕ دەبێ و قەت بە دڵی خۆم ناتوانم بحەسێمەوە چونکە ترس هەموو گیانی داگرتووم. خۆزگە لەو دەریای غیرەت و نەترسییەی پێشمەرگە دڵۆپێکم پێ دەبڕا بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی ئەم شاخ و ئەو شاخم کردبا. تکایە قەت من و پێشمەرگە مەیەننە ڕیزی یەک. ئەو لە ئاسمانە و من لە زەوی!

ڕوویان لە «بەفر» کرد و لێیان پرسی تۆ تووڕە نابی کاتێک سەفی دوور و درێژی پێشمەرگە بە سەرت دا دەڕوا و پێخوستت دەکا؟ حەیف نیە ئەو نەرمییەی تۆ لە ژێر پێڵاوی پێشمەرگە دا بپەستێورێ؟ بەفر سەری هەڵبڕی و پڕ بە گەرووی هاواری کرد بۆ من سەر بەرزییە فەڕشی سپیی خۆم لەژێر لاقی پێشمەرگە ڕابخەم هەتا ئازاری پێ نەگا. مخابن دەزانم زۆر جار ساردیی من لاقی پێشمەرگە ئازار دەدا و لەو بارەوە شەرمەندەم. ئاخ پێشمەرگە لە کوێی کە یادت دەکەم.

لە «پۆڵا» یان پرسی تۆ پێت ناخۆش نیە پێشمەرگە بە تۆ دەشوبهێنن، ئاخر سەختیی تۆ لە کوێ و پێشمەرگە لە کوێ؟ پۆڵا وەجواب هات و گوتی : شتی وا بە من مەڵێن هەر خۆم دەزانم ئەو چەند لە من خۆڕاگرتر و سەختترە. من بە تینی ئاگر دەتوێمەوە کەچی پێشمەرگە لەنێو گڕی ئاگر دا هەڵمەت دەبا و شەڕ دەکا. خۆزگە تۆزێک لەو خۆڕاگرییەی پێشمەرگە بە من بڕابا.

ئینجا ڕوویان لە خودی پێشمەرگە کرد و لێیان پرسی کەست پێ شک دێ لەخۆت بەرزەفڕتر، هەڵمەت بەرتر، بە غیرەتتر و خۆڕاگرتر بێ؟ پێشمەرگە پێویستی بە بیر کردنەوە نەبوو، چونکە ناوی خۆی بۆ ئاشنا بوو.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٢
٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢
١٧ی دێسامبری٢٠١٣

تایبەتنامەی رۆژنامەی «کوردستان» بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

26 سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان

# پەیکەرەی پێشمەرگە

**خاڵە قازی**

کاتێ کە ڕوانیم لە کتێب و داستان
هاتە بەر چاوم یۆنانی باستان
پەیکەری شەڕو سوڵحیان دانابوو
ناوی خودایی خۆیان لێنابوو
بۆ وێنە وێنوس خوای جوانی بوو
زێئوسیش خوای نافەرمانی بوو
کوتم با ئێمەی کوردی بێ سنوور
ئێمەی لە کتێب و لە داستانیش دوور
پەیکەرەیەکی جودامان هەبێ
بۆ فیداکاری، خودامان هەبێ
دەستم کرد بە قوڕ شێلان ئەو شەوە
مایەی پەیکەرەم وا کۆ کردەوە
لە فیداکاری،هەم لە گیانبازی

لە سەر بڵیندی و لە سەرفەرازی
لە بەردی چیا و تەپ و تۆزی خاک
لە ئاوی کانی ،لە ڕوباری پاک
لە گۆمی مەند ولە چۆمی خوڕێن
لە سێلاوێکی سینگی بەرد درێن
لە هەڵمەتی شێر، لە چاوی هەڵۆ
لە هەورازی توند،هەرد و کەژ و کۆ
لە ئازایەتی و نەترسیی بەور
لە سەختیی ژیان،جەفا و جەور
لە خانووی کاول،لە گوندی سووتاو
لە هەناسە و لە فرمێسکی چاو
لە گەرمیی هەتاو،لە سێبەری دار
لە بارانەیی شەوانی قەرار
لە لوورەی گورگ،لە پەنجەی پڵەنگ
لە گرمەی تۆپ و تەقەی کاتی جەنگ

لە بۆنی باڕووت،لە خوێنی ڕژاو
لە زامی قووڵ و لە ئێسکی شکاو
لە ورەی بەرز، لە خۆڕاگری
سووربوون لە ڕێی حەق،لە پێداگری
لە قەتیس مانی فرمێسکی دایە
لەو ئاواتانەی لە دڵمان دایە
لە ڕەنگی سەوز و سپی و زەرد و سوور
لەو چوار بنارەی کرانە سنوور
لە بەرد بە بەردی چیاکانی کورد
لە هەموو هیوا بەرزەکانی کورد
گشتیم تێکەڵ کرد،کردمە پەیکەرە
کردمە پەیکەرەی خوایەک لەو سەرە
کردمە پەیکەرەی مەزهەری نەجات
کردمە پێشمەرگەی ڕزگاری وڵات

# مرۆڤی خۆنەویست، پێناسەیەک پڕ بە پێستی وشەی پێشمەرگە



**خالید وەنەوشە**

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە ئازاو لەخۆبردوو شورشگێڕە چەک بەدەستەیە کە حازرە بە دەیانوسەدان تاڵیو سۆێری بکێشیو برسی بێتو ماندووبێو لە گەرماو سەرمادا بۆ پاراستنی مانو مەوجودییەتی گەلەکەی دەیانو سەدان شەو لە سەرچیاو پێدەشتەکان ڕیگا ببڕیو پیلانی دوژمنە ڕەنگاوڕەنگەکانی گەلەکەی پوچەڵ بکاتەوە.

پێشمەرگە کاتیک بەوهەموو تەنگو چەڵەمەو پیلانە جۆراوجۆرانەی دوژمنانو نەیارانی گەل بە چۆک دانایە، شایانی ئەو ناوە جوانەیە. پێشمەرگە ماندوویيو بێخەویو بێ ئیمکاناتیو برسیەتیو دەیان تاڵی وناخۆشی دیکەی چێشتوەو بۆ جارێک تاڵی بە روخساریەوە دەرنەکەوتۆە و هەمیشە لێو بەپێکەنینو شادو خۆشحال لە گەڵ خەڵکی وڵاتەکەی ڕووبەڕوو بۆتەوەو بە ورەیەکی بەرزەوە ئامیزی بۆ سەختییەکان کردۆتەوە.

هەموو کوردێکی خاوەن ویژدانو نیشتمانپەروەر لە بەرامبەرهەیبەتو گەورەیی ناوی پێشمەرگەدا سەری تەعزیم دادەنوێنیو ڕێز لە هەیبەتو ڕەوشتی جوامێرانە وئازایەتیی ئەوچەکدارە شۆڕشگیرە خاوەن بیروباوەرە دەگرێ.

پێشمەرگە گیانی شیرینی لە سەرلەپی دەستی داناوەو لە هەر ئان و ساتیکدا ئامادەیە لە پێناوی داکۆکی لە گەلەکەیو ئازادیی وڵاتەکەیو میللەتەکەی گیانی بەخت بکا. پێشمەرگە لای خەڵکی زۆرلێکراو و چەوساوەی کوردستان کە بەردەوام شایەدی تاوانو جینایەتی هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیمە دژ بە کوردەکانن، وەک فریاڕەسو پەنا و پشتیوان چاوی لێدەکرێ.

پێشمەرگە ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانە و لێقەومانە. کام شەوی تاریکو ئەنگوستەچاو و بەفرو کرێوەیە، بۆ پێشمەرگە ناسراوە. پێشمەرگە هیوای ئەویندارانو هانای بێئەنوایانە. زایەڵەی سروودی سەرکەوتنی کۆمەڵانی خەڵکە.

هەر چەندی لە پەسنی پێشمەرگە دا بگوترێ و بنووسرێ، هەرکەمە.

بەڵام سەرەرای هەمووی ئەمانەش پێشمەرگە، مرۆڤەو هەروەک مرۆڤەکانی دیکە ژیانی خۆش دەوێ. دڵێکی گەورەی پڕ لە ئەوینی هەیە. ئەوینی نیشتمان، ئەوینی دڵدارو دڵبەر، خۆشەویستیی دایکو باب و خوشکو برا و دراوسێ و هتد. بەڵام گەورەترین خۆشەویستی ئەو، نیشتمانو نەتەوەیە. ئەوینی وڵاتێکی پارچە پارچەیە. بۆیە هەموو ئەوین و خۆشەویستییەکی دیکەی بە قوربانی ئەوینە گەورەکەی کردوە.

پێشمەرگە بە کردەوەکانی خۆی لە لای خەڵکی کوردستان خۆی پێناسە کردوە.
پێشمەرگە ئەو تیکۆشەرە خەباتگیرەیە کە خاوەنی بیروباوەڕی ئازادیخوازانەیە، پاریزەری ڕاستەقینەی کەرامەت و شەرەفی گەلو نەتەوەکەیەتی. بۆیە لە دڵی خەڵکی کوردستاندا جێگای خۆی کردۆتەوە و ناوی لەسەر زاری گەورەو بچووکە.

ئە گەر ئەو رۆژەیان وەک ڕۆژی پێشمەرگە هەڵبژاردبا کە پێشمەرگە فیداکاریی تێدا کردوە و حەماسەی تێدا خولڤاندوە، دەبوا هەموو ڕۆژەکانی ساڵیان بە ناوی پێشمەرگە کردبا. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک رۆژی پێشمەرگە ناودێر کرد، بۆ ئەوەی بیرەوەریی ڕاماڵینی دوايین بنکەی سەرکوت لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، ببێتە بناغەی ئەو ناودێر کردنە.

ئەوە ٢٩ساڵە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژی ٢٦ی سهرماوهزدا، ڕێز لە فیداکاری و حەماسەخوڵقێنیی پێشمەرگە دەگیرێ.

ناوی پێشمەرگە چقڵی چاوی دوژمنانە، هەر ئەوەشە دوژمنانی نەتەوەی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵیان داوە ناو و سیمای خۆشەویستی پێشمەرگە لەبەر چاوی خەڵکو دونیای دەرەوەدا ناشیرین پێشان بدەن وناوبانگی لەکەدار بکەن.، بەڵام ئەوە مەحاڵە و ئەو خەونەی دوژمنان بەدی نایە. لێرە دایە دەبێ بڵێیت هەر بژی پێشمەرگەی خاوەن ویژدان و کەرامەتی مرۆڤدۆست کە ڕووی خۆتان و میللەت و وڵاتەکەتان لەبەر چاوی هەموو خەڵکی دونیا سپی کردۆتەوە.

باس لە خۆشەوستی و گەورەیی پێشمەرگە لە بڕانەوە نایە، بۆیە بەم پارچە شێعرەی مامۆستا عاشق، کۆتایی بەم باسە دێنم:

ئەوەندەی تردەربەدەربم  تووشی هەزاران خەتەربم
پاڵە، سەپان، کاریگەر بم  بەندی ودیل وەسبەسەر بم
کوردیکی وامە نابەزم

گازینۆم بێ ئەشکەوت وشاخ  دڵم پڕلە دەردوداخ
زیندان جێم بێ لە باتی باخ  هەڵکێشم هەزارئۆف وئاخ
سەنگەر جێگامە نابەزم

بە فەرمانی شوومی دوژمن  سەددجاری تر بێمە گرتن
بم دزن بم کەن شۆنە وون  قەنارە و لێدان و کوشتن
ڕێی پێشەوامە نابەزم

بۆ خزمەت بە گەل و هۆزم  بۆ مافی ڕەوا و پیرۆزم
تێدەکۆشم زۆردڵسۆزم  گورکان دەردەکەم لە کۆزم
لە خەبات دامە نابەزم

بە فیشال ودرۆی دوژمن  بە فانتۆم و تانکی چیفتن
بەحەپس ولێدان وکوشتن  خەباتی گەل نایە لە بن
خاوەن بڕوامە نابەزم

**یادی٢٩ساڵەی ناودیرکردنی رۆژی پێشمەرگە، پیرۆز بێ**

کوردستان
٥
ژمارە: ٦٢٢
٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢
١٧ی دیسامبری٢٠١٣
تایبەتنامەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

# پێناسەی پێشمەرگە لە زمان پێشمەرگەوە



## پێشمەرگە هاوڕێی شاخ و پێشەنگی شار

### فەردین کەریمی:

چەمکی پێشمەرگە لە جەرگەی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کوردا بە دی هاتو مانای خۆی دۆزیەوە. رەنگە هەندێ وشە لە زمانەکانی دیکەدا بن کە لە مانادا وەک پێشمەرگە بن بۆ نموونە «پارتیزان» لە فەرانسەو « گەریلا» لە ئینگلیسی‌دا. بەڵام چەمکی پێشمەرگە بە واتای سەروەریی عەقلانیەت و زانست و شعووری سیاسی بە سەر داخوازییە رەواکانی کوردە کە تێکەڵاوە بە رۆحی نیشتمانپەروەرانەو هەستی گیانفیدایی بۆ گەل کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا خۆی بە رۆژ کردۆتەوەو لە شەڕی چەکدارانەی دوێنێ‌داو لە شەڕی مەدەنیو سەردەمیانەی ئەمڕۆدا وەک هەمیشە لە پێش خەڵکە.



### سروە فەتاحی:

هەر گەلێکی بندەست زۆر لێکراو بۆ گەیشتن بە ئازادیی و رزگار بوون لە بندەستی پێویستیی بە کۆمەڵێک رۆڵەی بە جەرگ و لە خۆبردوو هەیە. گەلی کوردیش کە ساڵانێکی زۆرە لە ژێر دەستی داگیرکەران دایە بە خۆشییەوە خاوەنی کۆمەڵێکی بەرچاو لەو رۆڵە ئازا و بەجەرگانەیە کە بۆ بەدەست هێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد لە گەورەترین و بە نرخترین سەرمایەی ژیانی خۆیان واتە گیانی شیرینیان مایە دادەنێن. بەڵێ ئەو کوڕ و کچە گیان لەسەردەستانە پێشمەرگەی کوردستانن کە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی نەتەوەی کورددا پێشەنگ و پێشرەوی خەڵکی کوردستان بوون،پێشمەرگەی دێموکرات لە هەموو قۆناغەکانی بزووتنەوەی میلی دیموکراتیکی نەتەوە مافخوازەکەمان (چ لە قۆناغی خەباتی چەکداری و چ لە قۆناغی ئێستادا کە خەباتی مەدەنی دەکەین) سەڵماندوویەتی کە رۆڵەیەکی وەفاداری گەلەکەیەتی و تا گەیشتن بە لووتکەی سەربەستی ئاڵای خەباتمان هەر شەکاوە رادەگرن.



### زورار زەرزا:

بە براوای من پێشمەرگە کەسێکی شۆرشگێری خۆنەویستە کە لە پێناو پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەی ئامادەی هەموو فیداکاریو گیان بەختکردنە.



### ئەشکان میلان:

پێشمەرگە سەنبۆلا بەرخوەدان و هێزا پێشەنگ و خەباتکارێ کوردستانێ یە و

فداکارەکی ب نرخە کۆ هەرتم ل ناڤ خەبات و بەرخوەدانا گەل و وەڵاتێ کوردستانێ دا رۆڵەکی مەزن و گرینگ هەبووە.

پێشمەرگێن کوردستانێ ب درێژیا تەمەنێ دێرۆکا خوە جانفدا بوون و قەهرەمان بوونا خوە ژ بۆنا گەڵێ کورد و جیهانێ دانە ئیسبات کرنێ.



### خالید حەسەنخاڵی:

هەر کات کە نێوی پێشمەرگە دێتە سەر زمانو لە هزری مرۆڤدا نەقش دەبینێ، تایبەتمەندییەکان ریز دەگرنو وشە رازاوە و جوانەکانی بە دوا دا دێو هێمای راستەقینەی مرۆڤایەتی روو بە دیدەی دڵ و رووح خۆ نیشان دەدەن. وشەیەک کە بە ماناو واتا بە نرخەکانی، مرۆڤ لە گوتنو نووسین تێر نابێ و لاپەرەکانی بە هەزاران پڕ کراوەو نووسراوەو دیسان هەر دەست و قەڵەم لە نووسینی رانەوەستاونو راناوەستن. پێشمەرگە بە واتای مرڤێکی لە خۆ بردووو خادیمی کۆمەڵگای بەشەری لەگەڵ سەیری قۆناغەکانی هەڵدانی مرۆڤایەتی هەڵدەداو بۆ هەوڵدان تیدەکۆشێ هەتا پێ گەێشتنی ئەسڵی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.



### ئەیوب شەهابی‌راد:

خۆشەویستی بۆ شەڕو چەک، بەشێک نین لە ئایدیاو بیرکردەوەی پێشمەرگە، بەڵکوو ئەمە باوەری قووڵی تاکی شۆڕشگێڕ بە ئازادی، سەربەستیو مافە سروشتییەکانی ئینسانە کە ئەو ئامادەگییە هزریو جەستەییەی تێدا دروست تا گیانی خۆی کە گرینگترینو لە هەمان کاتدا دوایین وزەی روحی و جەستەییەتی، لە پێناو وەدەستهێنانی مافو بەها مرۆییەکاندا، بەختی بکا. مرۆڤی شۆڕشگێر پێویستە شەر بکا. شەری دیالۆگ، شەری هزرو زانست، شەری چەک. بۆیە تا کورد وەک نەتەوەیەک بوونی هەبێ، پیشمەرگە پیرۆزەو چەکو شاخو بەرخودان تا گەیشتن بە دوا ئامانجەکانمان پێویستن و دەبێ لە ئامێزی یەکتردا بنو بوونێکی مەیدانیان هەبێ.

تەنیا ئەو بیرکردنەوە نەزۆکانە دەتوانن حاشا لەم راستییە بکەن کە بەرژەوەندی خۆیان پێ لە ئازادی گرینگترە. واتە پێیان وایە شەر بۆ شەڕ دەکەن نەک شەڕ بۆ ئامانج.



### کەماڵ مورادی:

پێشمەرگە بۆ کوردوخەباتی میللی دێموکراتیکی کورد هەمیشە رەمزو نمادی بەرخۆدان و بەرنگاری کردن لە مافو داخوازییە نەتەوییو بایەخە پیرۆزە نیشتمانییەکان بووە بە جۆرێک کە دەورو پێگەیەکی ئەوتۆو شایستەی لەلای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆی دەستەبەر کردوە. بە دریژایی مێژوو بە پێی هەلومەرجی قۆناغە جیاوازەکانی خەبات چۆنێتی دەوروکاریگەریی پێشمەرگەش گۆڕانی بەسەر داهاتوە.

ئەگەر لە رابردوودا دیدی گشتی بۆ پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی زیاتر بە خەباتی چەکدارییەوە بەسترابۆوە، پێشمەرگە ئیستا وێرای ئەو ئەرکەی لە کۆن‌دا بوویەتی لە هەمان کات‌دا لە بوارە جۆراو جۆرەکانی خەباتی نەتەوەییدا وێنا و پێناسەیەکی سیاسیانەتری هەیە. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بە هەست بە مەسئولییەتەوە لە مەیدانی خەبات لە پێناوی ئازادی و رزگاری نەتەوەییدا لە زۆرێک لە خۆشییەکانی ژیانی شەخسی خۆی گۆزراوە و خۆشترین قۆناغی ژیان بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی تەرخان کردوە.



### کوبرا سوسەنی:

پێشمەرگە لە قوڵایی بیروباوەری خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵاوەو بۆ سەربەستی بیروهزری نەتەوەی خۆی دەستی دایە چەکی شەرەفو شانازی بۆ دیفاع لە وڵاتو نەتەوەی زوڵم لێکراوەکەی چیاکانی کوردستانی کردە سەنگەری بەرخۆدان و، گیانی خۆی کردە بەردە بازی ئامانجە گەورەکانی نەتەوەکەی. پێشمەرگە ئەگەر دوێنێ لە چیاکانی کوردستان بە پێناسەیەکی پڵینگ ئاسا بە چەکەوە بەرەنگاری دوژمن دەبۆوە ئەوڕۆ بە بیرو ئەندێشەی سەردەمییانەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی خەبات دەکا.

# وێناکردنی «پێشمەرگە» لە هەیبەتی «پیاو»دا!



### کوێستان فتوحی

**گەر دەبینی بە دوای خەونو هیواکانمەوەم، گەر دەبینی شەختەو بەستەڵەکی ژیان دەتوێنمەوەو شاخ بە چۆکدا دێنم، گەر دەبینی ئازادیو بەختەوەری دەکەمە رووگەی خۆم، گەر دەبینی لە تاریکە رێی غەریبی‌دا بۆ هەتاو دەگەڕێم، بزانە پێشمەرگەم، پێشمەرگە!**

پێشمەرگە ئەو رۆڵە خەباتکار و شۆڕشگێڕەیە کە لەپێناوی رزگاریی نیشتمان و نەتەوەکەی‌دا ئامادەیە رێگای سەخت و دژواری خەبات ببڕێ و فیداکاری بکا و تەنانەت خۆی بۆ بکاتە قوربانی.

بە هەزاران کچ و کوڕ و ژن و پیاوی کورد، بوونەتە پێشمەرگە، فیداکارییان کردوە و نرخی گەورەیان لەپێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان‌دا داوە. بەڵام ئێستاش هەرکە ناوی پێشمەرگە دێ، زۆر کەس سیما و قەڵافەتی ئەو شۆڕشگێڕە لە هەیبەتی پیاوێک بە چەک و رەخت و جامانەوە وێنا دەکەن. چاو لە مێژووی نووسراو و ئەدەبیاتی زۆر لە حیزبەکانی کوردستان دەکەی، پڕن لە دەستەواژەی وەک «کوڕە ئازاکانی گەل»! «کوڕانی مەیدانی نەبەردی و خۆڕاگری»! «رۆڵە جوامێرەکانی...» و بەم جۆرە تەعبیر لە پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەن. هەر وا بزانە لە نێو ئەم نەتەوەیە و لە ریزی خەباتی چەکدارانەدا تەنیا کوڕان و پیاوان فیداکارییان نواندوە و ئەوان ئەم خەباتە سەختەیان بە بێ بەشداریی کچان و ژنان بەڕێوە بردوە.

ئەم ئەدەبیاتە کە لە کولتوور و روانگەیەکی پیاوسالارەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوندە دووبارە بۆتەوە کە لە بیروزەینی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا چەسپاوە کە پیشمەرگە پیاوە و پیاو پێشمەرگەیە! ئەگەر چاو لە مێژووی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین، بە ئاشکرا دەبینین تێکۆشانی ژنان لەو خەباتەدا تا رادەیەک شاردراوەتەوە، یان هەر دەڵێی لەو خەباتەدا حوزووریان نەبووە. ئەمە لە ئەدەبیات و مێژووی بەشێک لە حیزبەکان‌دا بە روونی دیار و بەرچاوە و ئێستاش ئەو ڕوانگەیە بەهێزە و لە تەسویر و پۆستێر و کلیپەکان‌دا بە روونی دیارە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژنان رۆڵ و نەخشی گرنگیان لە خەباتی نەتەوەیی و پێشمەرگایەتی دا گێڕاوە، فیداکارییان کردوە و تەنانەت گیانیشیان بەخشیوە. راستە ژنان بە هۆی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە، لە ریزی هێزی پێشمەرگەدا لە چاو پیاوان رێژەیان زۆر کەمتر بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە ئاوا بە ئاشکرا تێکۆشانی ئەو رێژە کەمەش لە ژنان لە مێژووی خەباتی پێشمەرگایەتی‌دا بشاردێتەوە.

هەرکەسێک گومانی لەم ئیددیعایە هەیە، دەتوانێ چاوێک لە ئارشیوی هەواڵەکان، راگەیەندراوەکان، وتارەکان، پەیامەکان، نامیلکەکان ، دروشم وپۆستێرە تەبلیغاتییەکانی پێوەندیدار بە خەباتی چەکداریی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکا تا بۆی دەرکەوێ کە ئەم قسەیە راستە یان ناراست.

زۆر بوون ئەو ژن و کچانەی ئازایانە و بە هەست و گیانی بەرەنگاربوونەوە روویان دەکردە بنکەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی زاڵبوونی ئەم عەقڵییەتە کە ژن لە باری جەستەییەوە توانای پیاوی نییە، وەک پێشمەرگەی هێز و پەلەکان سازمان نەدەدران، بەڵکوو بە ناوی دڵسۆزی و لەپەنا ئەوەشدا نەتوانین! لە هێندێک ئۆرگان و بنکەی سابیت دا دەهێڵرانەوە . هەربۆیە لەجیاتی پاراستی ئەو کەسایەتییە ئازا و بەهێزەیان، بەشێکیان رووحی سەرکێشیو شوورو شەوقی خەباتی پێشمەرگایەتییان تێدا دەمرد و دووبارە دەچوونەوە ژێر باری هێژموونی کولتوور و کۆمەڵێک یاسا و رێسا کە لێی یاخی ببوون. تەنانەت هان دراون بخزێنەوە ماڵو واز لە چالاکیی پێشمەرگایەتی بێنن.

حیزبە کوردییەکان بە گشتی بناغەیەکی پیاوسالارییان هەبووە و کەلتووریکی پیاوسالاریان بە سەر دا زاڵ بووە . خۆ ئەگەر بڵێین هەتا ئێستاش، زۆربەی ئەو حیزبانە هەر وەک خۆیان ماونەوە و لە ژێر کاریگەریی ئەو کەلتووره پیاوسالارە دان، نابیتە بوختان. پێشمەرگە، بە کردەوە رەمزی ئازایەتی و بوێری و گیانبەخشین بووە ، لەنێو کەلتووری پیاوسالاریشدا ژن زەعیفەیە و ناتوانی رەمز یا نمادی کەسێکی ئازا و بەغیرەت بێ! هەر بۆیە ئەو ژنانەی بوونە پێشمەرگە بە هۆی زاڵبوونی ئەم روانینە نادروستە کە پیاو رەمزی ئازایەتی و خۆبەختکردنە لە ژێر سێبەری پیاوی پێشمەرگەدا شاردراونەوە. ژنانی پێشمەرگە بۆخۆشیان زۆر جار لە ئاست ئەو روانینەدا بێدەنگ بوون و تەنانەت هێندێکیان بۆخۆیان بەوە رازی بوون کە نەچنە نێو هێز و دەستە و پەلە رەزمییەکان و لە چوونەوە بۆ ناوچە و بەشداری لە عەمەلیاتەکاندا خۆیان بواردوە. یان ئەگەر لە نێو کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، کەسانێکیش هەڵدەکەوتن بۆ ئەوەی لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە و لە قووڵایی ناوچەکانی کوردستاندا، ئەرکی پێشمەرگانە بەڕێوە بەرن، دەبوو وەک پیاوێک خۆیان نیشان بدەن، هەڵسوکەوتی ژنانە لە خۆیاندا بمرێنن بۆ ئەوەی لەو مەیدانەدا وەربگیرێن و قەبووڵ بکرێن. هەر بۆیە ئەمڕۆ دەبینین ئەو مێژووە و ئەو ئەدەبیاتەی رابردوو پڕە لە کوڕانی ئازا! کوڕانی گەڵ، کوڕانی پێشمەرگە و کاکی پێشمەرگە!

لە کۆمەڵگەی کوردستان‌دا مرۆڤی پیاو، هەر لە منداڵییەوە بەردەوام بە گوێیدا دەخوێندرێ کە ئەو پیاوە، هەربۆیە دەبێ ئازا، نەترس، بەهێز وخۆڕاگر بێ. ژنیش بە پێچەوانەوە پەیتا پەیتا پێی دەگوترێ «زەعیفە«و وەک مرۆڤێکی لاواز سەیری دەکرێ، لە ئاکام‌دا «پیاو» وەک رەمزی هێز و ئازایەتی و، «ژن» وەک رەمزی لاوازی و ترس لە عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵدا دەچەسپێ، بەڵام سەرسوڕهێنەر ئەوەیە ئەم جۆرە روانین و بیرکردنەوانە، یا خڵتەی ئەم جۆرە عەقڵیەتەی نیو کۆمەڵگە، لە ئەدەبیاتی حیزبەکان‌دا، و لە بریار و هەلسوکەوتی ئەوان لە گەڵ کچان و ژنانی پێشمەرگەدا، خۆی دەردەخاتەوە. ئەویش ئەو حیزبانەی کە بۆ خۆیان پێشڕەو و خەباتکاری رێگەی دادپەروەری و نەهێشتنی ستەم و نابەرابەرین!. تەنانەت خودی ژنانی نێو ریزەکانی پێشمەرگەش جاروبار خۆیان تەسلیمی ئەم ئەدەبیاتە کردوە و لە دەربڕینی مەبەستەکانیان و لە ئاخافتنەکانیان‌دا بەو ئەدەبیاتە پیاوسالارە دواون. ملدان بۆ ئەم ئەدەبیاتەش جۆرێکە لە قبووڵکردنی هەڵاواردن لە دژی ژنان و زوڵمێکە کە لە ژنانی پێشمەرگە دەکرێ.

بە خۆشییەوە ئەمڕۆ ژنان و کچانی ئەوتۆ لە ریزی حیزبەکاندا هەن کە ئامادە نین مل بۆ ئەو ئەدەبیاتە پیاوسالارە بدەن و وەک مرۆڤێکی ئاگا، ئازاد و یەکسانیخواز هیچ هۆیەک نابینن کە کەسایەتیی خۆیان بە لاوازی ببینن یان بۆ ئەوەی وەک پێشمەرگە قبوول بکرێن ، پێویست بێ پیاوانە خۆ نیشان بدەن و پیاوانە هەڵسوکەوت بکەن! ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە کە تێڕوانینەکان بەرانبەر بە پێشمەرگە بگۆڕێن و چی دیکە «پێشمەرگە» ئەو رەمزەی خەبات و تێکۆشان، بە تەنیا لە هەیبەتی پیاوێکی چەکدار دا وێنا نەکرێ و پێشان نەدرێ.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 622 17 Decem 2013

# 26ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان



ئامادە کردنی: مینا سوڵتانزادە